ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**خۆت ئایکۆنەکانت دروست بکە، فۆتۆشۆپ.**

نووسەر : Aso Naderi
@: Aso.Naderi@Gmail.Com

خۆت ئایکۆنەکانت دروست بکە، فۆتۆشۆپ.
زۆر جارێک بەتایبەت ئەو کەسانەی کە خاوەن وێبگەن و دەیانەوێ وێنەی تایبەت و وردکار لە وێبگەکانیان بەکار ببەن، لەوانەیە ئاسان نەبێت بۆیان هەموو شتێکی تایبەت لە ئینتەرنێت وەدی بکەن و سوودی لێ ببینن.
لەباتی ئەو کات بەسەربردنە بۆ گەڕان بە دوای ئایکۆنی تایبەت و جوان دا زۆر بە ئاسانی دەکرێت لە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دا خۆت دروستیان بکەیت. لەم بابەتەدا چۆنیەتی دروست کردنی ئایکۆنێکی سادە و جوان شی دەکەمەوە.
فۆتۆشۆپ بکەوە، پاشان پەڕەیەکی پاشبنەما Transparent بە پانی و بەرزی 120 پیکسڵ بکەوە.
چینێکی نوێ دروسی بکە، New Layer. بە ئامرازی Ploygonal Lasso Tool هەڵبژێرە و پاشان لاکێشەیەکی وەک ئەوەی خوارەوە بکێشە.




بە ڕەنگێک ڕووپەری ئەو لاکێشەیە ڕەنگ بکە.
لە لیستەی Layer دا Layer Style و پاشان Gradient Overlay کرتە بکە.




وەک وێنەی سەرەوە ڕەنگەکان ڕێک بخە، لە هەمان پەنجەرەدا Stroke کرتە بکە، پاشان نرخی Color بگۆڕە بۆ 9D9898، ڕێکخستنەکانی دیکەش وەک بەشی دیاریکراوی نێو بازنەی سەرەوە ڕێک بخە.

چینێکی نوێ دروست بکە، جارێکی دیکە بە ئامرازی Ploygonal Lasso Tool سێ گۆشەیەکی وەک ئەوەی خوارەوە لەو گۆشە ناتەواوەی لاکێشەکە بکێشە.



ڕەنگ و تایبەتمەندیەکانی ئەو چینە دەبێ وەک ئەوەی پێشەوەی بێت، واتە هەمان کاریگەری ڕەنگ کە لەسەر چینی لاکێشەی سەرەکی داتنا، لەسەر ئەم چینەش ئەو کاریگەریانە بلکێنە.
بەو هەنگاوانەی سەرەوە بنەمای ئایکۆنێکی سادە و مۆدێڕنت دروست کرد، پاش ئەو هەنگاوانە دەتوانی نووسین و کاریگەریەکانی دیکە بە ئارەزووی خۆت لەسەر ئەو ئایکۆنە دروست بکەیت، بۆ نموونە من پاش تەواوبوون لەو کارە سەرەکیانە، ئایکۆنەکەم وەک ئەوەی خوارەوە کۆتایی پێهێنا.




دەتوانی لێرە پەڕگەی ئەو بابەتە بە فۆرماتی PSD دابگریت.
کۆتایی.

Nov 2005 03

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت